

## به بۆنەی یەکەمێن ساڵی وەفاتی مامۆستا کوتراوە

ساڵێک لەمەوبەر، دەستی چەوتی چەرخی چەپگەڕ، وەک چەلان ئەوچەلیش کەوتە گەڕ و جڵەوی ئەسپی ڕەسەنی سەرکێش و بەکێشی تاقە شۆرە سواری بەرواڵەت شۆخ و شەنگ و بەدڵ دڵتەنگ و شێنگێری شێنگاگەڵی گەلی بێبەشمان هەڵ ئەنگاوت و بەرەو شوێنی بێدەنگ و نادیاری دیاری نەبوونی برد و، بەم چەشنە نەیاری خۆی بە یارانی حەقیقی خشل و کرمەک و سینەرێز و بەرمووری سوور و شینی شیعری حەقیقی نیشاندا.

ئەو چەلیش چاوی چەپی چەرخی چاوچنۆک برایە سەر چەپکە گوڵی نێو چیمەن و لێوار چەم وچاوە و داوێنی چروچیای چین لە سەرچین چرۆ و مێرگ و مێرغوزاری چوار پەڕ و چرووپڕی وڵاتەکەمان و بە چنینی ئەو چەپکە گوڵە جوان و چەلەنگە چاوی چاوەڕوانانی لە بینینی پتری لێوی بەبزە و چاوی بەبەزە و ئاکاری ساکار و خوو و خلەی خۆڕسک و خاوێن و بەرهەمی هەمیشە هەرماو و وشەی شیرین و لە دڵ چەسپاو و شیعری تەڕ و پاراوی ئەو هۆنەرە هونەروەرە بۆ هەتاهەتایە چاوەڕوان هێشتەوە.

دیسانیش دنیای دەنی داوی داناو و دڵی دانایەکی دیندار و دڵسۆز و دڵۆڤان و دڵوا و دڵپڕ لە داوا و دەروون داغداری دەردی داماوانی گەلەکەمانی خستە بەندی بەندیخانەیەکی دی. ئەمجارە ئەستێرەی مەلی ئاسمانی ئەدەب و ئەخلاق و ئیمان و ئەوینی ئەم ئاو ئاخە پاکە لە کاکێشانی فەلەکەوە ماڵاوایی لە گەلەکەی کرد و شوێنی "هێمن" و "هەژار" و "خاڵە" و "ئاوات"ی گرت و بە ئاوات نەگەیشتوو کشایە ناو کۆشی ڕەشی خاک و کەوتەوە ناو کۆروکۆمەڵی لێک هەڵبراوی کەڵە پیاوان و مەلەوانانی دەریای بەرین و بێبەستێنی ئەدەب و ئەندیشەوە. مامۆستا بە بوونی بەرگ و بەری کردە بەری بووکی لەبار و دڵبەری شیعر و هونراوەی کوردی. بە مانی مانای مەتانەت و مەحەببەت و میهرەبانی و میرایەتی و میوانداری و مەشرەفخۆشی بۆ ماڵ و منداڵ و لایەنگرانی لێک داوە و بە ڕۆینی ڕەمزی ڕەوایەتی ڕۆرۆی بۆ ڕێرەوانی ڕێگە پیرۆزەکەی روون کردەوە. ڕەوانی شاد و یادی پیرۆز و بەردەوام بێ.

ناسر حەقیقی

## ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی

مامۆستا عەبباسی حەقیقی ساڵی 1902ی زایینی لە گوندی مەرجان ئاوای دەشتی حاجی حەسەن سەربەناوچەی مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە سەر دنیا.

دێبۆکری و تایفەی شێخ ئاغا بوو. بە منداڵی بۆ یەکەم جار لە گوندی مەرخوزی سەر بە شاری سەقز چۆتە قوتابخانە و لە ماڵێش لە لای باوکی "گلستان" و"بوستان"ی سەعدی و "کیمیای سعادت" و کتێبگەلی بابەتی ئەو سەردەمی خوێندوە. زۆر بە لاوی مامۆستاکەی ماڵیی واتە باوکی لە دەس داوە. ئێتر خۆی دەمێنێ و دایکێکی دڵسۆز و لە عەینی نەخوێندەواری ژیر و ئەویندار شیعر و کتێبخانەیەکی ئاخندراو بە دیوانی شاعیرانی کورد و فارس. بە هۆی موتاڵای زۆری ئەم دیوانانە زەوقی شیعر گوتنی دەبزوێ و لە تەمەنی چاردە ساڵیدا یەکەم شیعرەکانی دادەنێ. دایکی بۆ درێژەدان بە خوێندن دەی نێرێتە گوندەکانی ئیسکی بەغدا و باخچە. هاو کلاسەکانی لەم قوتابخانانە مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی(ئاوات) و خاڵەمینی بەرزەنجی کە هەردووکیان لە شاعیرانی گەورەی کوردن، دەبێ. ئێتر کاتێ ئەم سێ لاوە خۆش زەوق و خوێن شیرین و سەحەت سووکە دەکەونە لای یەک بە قەولی مامۆستا

حەقیقی کات و ساتیان لەبری خوێندنی سەرف و نەحو، سەرف و مەحوی گاڵتە و گەپ و مووشەرعێن دەبێ. لە ساڵی 1934 دا وەک کارمەند لە دایرەکانی دارایی و دوخانیە لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد کار دەکا. لە ساڵی 1963 لە بۆکان خانەنشین دەبێ و باقی تەمەنی پرپیت و بەرەکەتی 94ساڵەی تا پازدەی ژانویەی 1997 واتە 12 رۆژ دوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دوومانگە بۆ ئاڵمان و هولەند لەم شارە دەباتە سەر. لەو رۆژەدا لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان دڵی ئەویندای گەل و نیشتمانی مامۆستا حەقیقی لە لێدان کەوت و رۆژی دواتر بە بەشداری شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و خەڵکی شاری بۆکان و شارەکانی دەوروبەر لە گۆڕستانی ئەو شارە تەسلیم بە خاک کرا. پێویستە بڵێم دەست و زمان و قەڵەمی مامۆستا تەنانەت تا چەند کاتژمێر پێش وەفاتی هەر لە گەڕ و لە خزمەت گەل و نەتەوەکەی دابوو. پێنج کوڕ و چوار کچی لە پێش بەجێ ماوە. سێ بەرهەم و کۆمەڵێک شیعری چاپ نەکرا و کە یەکێک لەوانە سەفەرنامەی ناتەواوی ئەم سەفەرەی ئوروووپایە پێشکەش بە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی کردووە. دیوانی حەقیقی ،کولکە زێرینە و شەونم کە ئەم یەکەیان تەرجومەی غەزەلیاتی حافزی شیرازییە بە کوردی. بە کۆچی دوایی ئەم هۆنەرە بە نرخ و پایەبەرزە بووکی بەهاری نیشتمان بۆ بولبولی غەزەلخوانی سەر سفرە و خوانی جلکی رەشی پۆشی و گەل و نیشتمان بۆ لەدەس دانی دواهەمین کوڕی بەری پێشوو سورانی شین بوو.

هەواری دڵ لە خێڵی ماتەمت خاڵی نیە تاوێ
گڕی تەندوور و ئاورگی نیە پۆلووی کۆڵ و کۆیە
تەم و مژ ناڕەوێ هەور و هەڵایە، رێژنە بارانە
جەرگ برژانە دڵ سووتانە هەڵقرچانە بۆسۆیە

ئەوا ساڵێک لە مەرگت تێپەڕی داخت ئەوەند زۆرە
دەڵێی ئەم ساتەیە ئەم کاتەیە ئەمڕۆیە ئەمشۆیە
دڵم تەیرێکی زۆر وەحشی بوو دەمکوت دەستەمۆ نابێ
کەچی دیم تاقیامەت رامی دەستی ئۆلفەتی تۆیە

شیعری مامۆستا حەقیقی لەباری دابەشکردنی زەمانەوە بریتیە لە دوو بەش:

بەشی یەکەم: بەر لە شۆڕشی سەراسەری گەلانی ئێران کە ئەویش خۆی دووبەشە: بەشێکی دەکەوێتە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد و ئەوەی تری پێش رووخانی کۆمار و سەقامگیربوونی دیکتاتۆری و خەفەقان لە نەوعی پەهلەوی.

بەشی دووهەم: سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران و رووخانی رژیمی پاشایەتی.

مامۆستا لە کۆماری کوردستاندا ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و هۆنەری نەتەوایەتی واتە شاعیری میللی بووە. یەکێک لە بەناوبانگترین شیعرەکانی ئەو سەردەمەی تەرجیع بەندێکە بە ناوی "خەوی غەفڵەت" لە 5 بەشدا کە تەنیا دوو بەشی، ئەویش بە ناتەواوی ماوەتەوە. شیعرەکە بە وەسفی بەهارێکی دڵرفێن لە ناو دڵی رەقی زستاندا دەس پێدەکا. بەهارێک کە لە جەنگەی قودرەتی زستان و لە سەرەتای رێبەندان دێ و سەرما و سەخڵەتی سەدان ساڵەی زاڵ بەسەر نەتەوەکەماندا رادەماڵێ و ئازادی و سەربەستی بۆ بەدیاری دێنێ:

پیرەمێردی خەرەفی زستانێ
هاتە ئاخر نەفەسی گیان دانێ
باغی رازاندنەوە نەققاشی قەدەر

به گوڵ و یاسەمەن و ڕێحانێ
شای گوڵان چادری هەڵدا لە چەمەن
لەشکری لالە لە پای کوێستانێ
لە گەڵای سێوە ڕە شەونم دەکەوێ
قەترە قەترە بە نمەی بارانێ
بابەرێ بۆنی هەڵاڵە و بەیبوون
ئابڕووی عەتری گوڵی کاشانێ
لەززەتی دیتنی ئەو مەنزەرەیە
بۆ بەیانانە نە وەک چێشتانێ
سەیری خۆشتر ئەوەیە دەیبینم
بەو دوو چاوانە کە وا دەروانێ
ئەو لە دەس کۆتی لە من زنجیرە
ئەو ئەسیری ئەبەدی زێندانێ
وەرە با تێت گەیەنم چارە چیە
پاشی ئیسلامیەت و ئێمانێ
کە لەسەرتایە هەوای سەربەرزی
لەسەر ئەو ڕێ یە سەری خۆت دانێ
بێی و بتبینم و تاریفت کەم
کە چلۆن دەچیە بەری مەیدانێ
وا بەتاو حەملە بەری بۆ دوژمن
وەک جحێڵێکی دەچێ بۆ ژوانێ
حەملەیێکی کە بەشەر نەێ دیبێ
حەملەیێکی کە فەلەک نەتوانێ
پێم دەڵێ هاتیفی غەیبی لەناکاو
نێیە بۆ دەردوو مەگەر دەرمانێ

خەوی غەفڵەت بەسە هەستن لە خەوێ
گەر ژیانێکی بە ئازادوو دەوێ
***
نەوبەهارە و گوڵەکان پشکووتن
سوێسن و نەرگیس و نەسرین لە نوێ
ڵالە و گوڵ دەدرەوشن لە چەمەن
وەکوو ئەستێرە بە تاریکە شەوێ
بۆنی وەک عەترە نەسیمی سەحەری
پێش گزینگی کەوەکیوان دەکەوێ
نیشتبوو بولبولی شەیدا لە گوڵێ
وای دەفەرموو لە زمان خاسەکەوێ
نەتەوێ گەر هەموو دنیات بدەنێ
بەدڵێکی بەخەم و لێر و لەوێ

به خودای عەززە وە جەل سوێندوو دەدەم
پێو دەڵێم یەک قسە بیگرنە گوێ
تاکو فورسەت هەیە کارێکی بکەن
لە هەموو لاوە سەری ناوەتە سوێ
خاکی ئێمە کە نموونەی ئیرەمە
حەیفە چی دیکە وەدەس خەڵکی کەوێ
خۆ بە خۆ رێک بکەون رێک مەکەون
دوژمن ئەر رێی نەکەوی رێت دەکەوێ
دەس لە دەس قووەت و یاری لە خودا
رێی کەون تا سمی ئەسپوو دەسوێ
بەس لە دەرکی ئەم و ئەو تەفرەقە بن
بەس بناسن لە ڕقان ئێر و ئەوێ
عومری مەحکوومیەت و دەس بە سەری
نیەتی قیمەتی یەک دانە جەوێ
دەس هەڵێنن لە خودای موتەعال
سەربەخۆیی گەلی کوردانوو بوێ
دێتە گوێم دەنگی فریشتەی رەحمەت
بەهەموو نەزمی دەڵێ و ناسرەوێ
خەوی غەفلەت بەسە هەستن لەخەوێ
گەر ژیانێکی بە ئازادوو دەوێ
***

بەشی دووهەم: سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران و پێش کۆتایی رژیمی سەڵتەنەتی.

هەستی نەتەوایەتی لەم دەورە لە شیعری حەقیقیدا بەرچاوتر و پڕەنگتر لە بەشی دووهەم لە دەورەی یەکەم. دەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی سەراسەری لە دژی شا، گەلی کوردیش گۆپاڵی خۆی لە خیز دەرهێنا و هاوشان و هاوبەش بە خوێنی ئاڵوگەش کەوتە هەوڵی زرگار بوون لە شەوەزەنگی سامناک و ئەنگوست لە چاو و دوور و درێژی سەردەمی پاشایەتی. مامۆستا حەقیقی بەم چەشنە بەرەوپیری رووخانی رژێمی پەهلەوی دەچێ و باوەش بۆ شنەی بەرەبە یانی رزگاری و ئازادی دەکاتەوە:

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ — خۆشی دوای خۆشی جوێ‌بەجوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ — ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وەبیروو دێ چمان دی دوێ — زوو راپەڕن مەبن شلوێ

ئەوا هات پەیکی ئازادی
بەروو خۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە

سەری قەندیلی خاڵخاڵە — لێی شین بوو سوێسنە و هەڵاڵە
چیدی مەکەن ئاه و ناڵە — ئیستعمار سیحری بە تاڵە
هەوای دەنگی ئەو شمشاڵە — هاوار دەکا هۆهۆ خاڵە

ئەوا هات پەیکی ئازادی

به رووخۆشی و کەیف و شادی

کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
شینی خوێنی لاوی کوردن     هەرچی گوڵی سوور و لالەن
لە سەر مەزاری شەهیدان     شلێران مەردەنگی و لالەن
شاری کورد و کوردستانێ     یەک یەک وەک مەیدانی ژاڵەن
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بەرووخۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
***

بەڵام زۆری پێ ناچێ تەپ ومژ و هەور و هەڵا بەری چاوی گەش بین و دەنگی زوڵاڵ و مزگێنی هێنی مامۆستا دەگرێ: ئیتر ئەوە دەنگی گیراوی گەلێکە کە لە قووڵایی ئەم تەم وتومانەوە لە گەرووی مامۆستا دێتە دەر و دەبێتە هاوار و دەبێتە گازندە، دەبێتە خوزیا و دەبێتە بریا.
حەقیقی ئەم هاوارە دەخاتە سەر شاباڵی توندوتیژی شەماڵ و بەرەو گوێی گران و کوناودیوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرز دەکاتەوە:

بای شەماڵ داوەرە تۆ مەرگی من و عیزەتی خۆت
تۆش بەزریانێ بڵێ و پێکەوە یەکڕا بگەنێ
هەر چی ژان و چڵە خورپەی دڵە ناسۆر و کوڵە
بۆ نیۆیۆرکی بەرن بێبەنە واشنگتەنێ
ئەو پەیامەش بەرەو کۆمەڵی یەکگرتووەکان
گەرچی قەت نەبووە لە بیداد و ستەم رابچەنێ
خانی کۆبوونەوەتان چیدی وەکوو مەشکە نەژێ
داوەڵی رایەتوو چیدی بەهەوا رانەژەنێ
گەر هەیە و راستە حقووقی بەشەری ئەی بۆناڵێن
گەلی کوردیش بەشەرە مافی ژیانی بدەنێ
کۆمەڵێ بگرن و داگیرکەرەکان کۆکەنەوە
گەر عەدالەت حەکەمە حقووقی مەیان لێ بسەنێ

حەقیقی کەلە شینی هەڵەبجەدا دەردوژانی گەل وەک تابلۆیەکی گڕگرتوو، وەک زمان حاڵی میللەتێکی بێ پشتیوان و زۆر لێکراو، وەک هاواری لەگەرووی خنکێندراوی مناڵانی بێ تاوان و دایکان و بابانی جەرگ سووتاو و دڵ بریندارى کورد دەخاتە بەر چاوی خوێنەر، بە شەهید بوونی تێکۆشەرێکی گەلەکەشی ئاگر لە هەستی ناسکی بەردەبێ و جارێکی دیش مێژووی کۆن و خوێناوی نەتەوەکەی بەبەرچاوی دادێ کە پڕە لەم چەشنە کارەساتە تاڵانە،کە دەرسی عیبرەتی لێ وەرنەگیراوە:
سەدان ساڵە بەدبەخت و بێچارە کورد
برین دوای برین دڵ بریندارە کورد
نەسیبی لە رۆژی ئەزەلدا دەڵێی

فەقەت بەند و زنجیر و سەرداره کورد
سرووشێکی غەیبی شەوێ دێ وتی
تەماشا چ سەرچەوت و لاساره کورد
سەدان داوی بۆناوه دوژمن، بەڵام
تەمێ قەت نەبوو وه چ بێعاره کورد

بەڵام سەرەرای ئەمەش وره بەرنادا و پێی وانیه که گەلەکەی بەم چەشنه کارەساتانه ئیمانی به بەردەوامی و سووربوون له سەر رێگەی پیرۆزی رزگاری کز دەبێ:
به دوژمن بڵێ تاگەیشتن به ماف
وەکوو خوێنی من سووره لەو کاره کورد
دەیان دوکتور وشێخ و قازی و مەلا
بەوێ رێ یه دا چوون و رێبواره کورد

مامۆستا هیچ کات بۆ دەربڕینی ئەم هەسته پاک و بێ گەرده هەلی لەدەس نەداوه. تەنانەت جاروباره به هۆی هەلومەرج ئەم هەستەی له زمان گیان له بەرانەوه بەیان کردووه. بۆ وێنه له هەڵبەستی "داره بووز "دا که له وڵامی شاعیرێکدایه که دەڵێ گەلی کورد وەک فریزوو هەر چەند هەڵیکەنی و تووڕی دەی هەر شین دەبێتەوه دەفەرموێ:
من فریزوو نیم و ناکەم نووزەنووز
سەختەدارێکم به نێوی داره بووز
من فریزوو نیم بەکێڵان و بژار
هەڵ کەنێم و بافرێمدا ژوور و خوار
عونسورێکم بیور و تەشوێ و تەور و داس
کۆڵ و کول بوون و لەسەختی من هەراس
من به نێو بانگم له نیزیک و له دوور
نەک فریزووی دەسته چیلەم بۆ تەنوور
پەل برینم دا دەرێژێ هۆیەکەم
چۆن پەرەی داوێته ریشا ژۆیەکەم
بەو رەگ ئاژۆیەی له هەوراز و نەوی
بوومه سینگی سینگی چوار گۆشەی زەوی

هەر پەلێکم وا له دەشت و بەندەنێ
پێم نەوەستا بەند و شەختەی بەهمەنێ
باش تەنیومه هەرد و بەرد و دەشت و کێو
رۆستەمم هەرگیز دەرۆستم نایەدیۆ
سەختم و سەربەرزم و ئازاده ژیو
سەرنەوی ناکەم به عومرم بۆ بژیو
حەقیقی که هۆی سەرەکی چارەڕشی و دواکەوتوویی گەلەکەی له نەخوێندەواریدا دەبینێ دەفەرموێ:
خوێندنه هۆی راپەرینی هۆزەکان
هەر بەوی خەڵکی زەوی چوون بۆ جەوی

هەر بۆیە لە زۆر جێی تر لە شیعرەکانیدا ئاماژە بۆ ئەم دیاردە بەرچاو و زیانبارە دەکا:
برۆن بخوێنن گەورە و چکۆڵە
جەبری مافاتە وەستێنن تۆڵە
مەکەن کێشەکێش برۆن بەرەو پێش
برا برایە، براو کێشە کێش

ئاخر هەتا کەی وابێ بەشی تۆ
کەی ئاوا دەبێ رۆژی رەشی تۆ

لەباری دابەش کردنی مەوزووعی یەوە شیعری حەقیقی لەم بابەتانە پێکهاتووە: ئایینی، نەتەوایەتی، بەرهارییە، کۆمەڵایەتی، ئامۆژگاری، چیرۆک وشینگێڕی کە لە چوارچێوەی غەزەل و قەسیدە و تەرجیعبەند و پێنج خشتەکی و چوارینە و دووبەیتی و تێهەڵکێشدا دای رشتوون.
حەقیقی مامۆستای بێ هاوتای تەخمیس واتە پێنج خشتەکی بوو. مامۆستا "هێمن" دەیفەرموو:
"تەخمیس وەکوو ئەوەیە نانی خۆت بەری لە سەر سفرەی خەڵک بیخۆی، بەڵام کە تەخمیسی حەقیقی دەبینم لەم واتەیەم پەژیوان دەبمەوە."
حەقیقی کاتێک شیعری شاعیرێک تەخمیس دەکا وەها شارەزایانە هەستی خۆی تێکەڵاو هەستی شاعیری پێشوو دەکا کە ناسینەوە و جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە. بۆ وێنە:
لە خەوفی تەلعەتت رۆژ هەروەکوو شێت
بەروو زەردی هەڵات و کەوتە کەیوان
ئەمە بووکێکی خشپیلانە و نەرم و نیانی دەسکاری وەستاکاری شیعر و ئەدەبی کوردی "نالی"یە.
جا بزانە حەقیقی چۆن بەرەوپیری ئەو بووکە جوانە دەچێ، زێڕوەشان و گوڵاو پڕژینی دەکا و لە ئامێزی دەگرێ:
لە بەر ئەبرۆی کەوان و تیری سەر ژێت
هیلال ئەوشۆ بەخۆی گوت تەنگ ئەبێ جێت
خزی رووبەند و کاتێ کەوتە بەر پێت
لە خەوفی تەلعەتت رۆژ هەروەکوو شێت
بە روو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

مامۆستا تەخمیسی شیعری "حاجی قادری کۆیی" و "بێخود" و "سالم" و "نالی" و "حافز" و "سەعدی" و "مەولەوی" کردووە کە لە نەوعی خۆیاندا هاوتایان نییە.

لە شیعری بیرەوەری دا کە شیعرێکی کۆمەڵایەتییە وەک لە زۆربەی شیعرەکانیدا باوە لە پێشدا بە حەمد و سەنای خوا و رەسووڵ دەس پێدەکا، پاشان لە قالبی قسەی خۆش و نەستەقدا بەراوەردێک لە نرخەکانی زوو لەگەڵ سەردەمی دانانی شیعرەکە دەکا. ئەم شیعرە ئەگەرچی بە رووالەت زەردە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر، بەڵام لە راستیدا مامۆستا زۆر زانایانە دەردی گرانی گرانی کە دەردی چینی هەژار و کەم داهاتە وەک تەوس دەخاتە سەر لاپەرەی کاغەز. تەوسێک کە وەک نێزە دەیکوتێتە چاوی بەدی هێنەرانی ئەم گرانییە رۆژلەگەڵ رۆژە. حەقیقی پاش گێرانەوەی بیرەوەرییەکانی تاڵوشیرینی رابردوو و پاش دەس نیشانکردنی نرخی شت و مەک لە رابردوویەکی نەزۆر دوور کە خۆی مێژووویەکە، دێتە سەر باسی نرخی کەلوپەل لەم دەورەیەدا. دوو لە تایبەتمەندێیەکانی شیعری حەقیقی کە سەراحەت و

فەساحەت واتە رەوانی و بێ پێچ وپەناییە لەم شیعرەدا بە ئاشکرا د یارە. ئەم شیعرە هەر قسەی عادەتی یە کە لە دەمی مامۆستا هاتووەتە دەرێ، بێ حەول و دەول بۆتە شیعرێکی رێکوپێک و مەوزوون و پرمانا. ئەمە بە واتای گە یشتنی شاعیر، بە ترۆپکی بلووغ و تەکامولی شیعری یە.

ئەگەر تاریخی رزقی پێ ژیانیشت دەوێ ئەورۆ
هەزار و سێسەدوحەفتای هەتاوی نرخی شت وایە
ئەگەر هێلکەی مریشکی دێت بوێ دانەی بە دەتمەنیە
بە قیمەت دوو هەزار هێلکەی چەلان هێلکێکی ئێستایە
بەتووک و مووک و ریخوڵە و بەجیقنە و میقنەوە مامر
یەکی چوارسەد تمەن دەبرێ دەڵێی کاش نەمکڕیبایە
عەلی شیش قیمەتی مانگایەکە و گا قیمەتی دێ یەک
ئەویش دێ یەکی چابێ وەک قەڵەندەر یاقەڵاگایە
لە چایی گەر دەپرسی بایی شەششەد حەوسەدە کیلۆی
بەڵام سەد خوزگە چابایە و بە هەشسەد نۆسەدیبایە
پەنیری کووپە ئەورۆ سێسەدوهەشتا تمەن کیلۆی
دەبێ سبحەی چلۆن بێ قیمەتی شیرێژ و بێزایە
چەڵان ماستی مەڕ و شیرێژ و رۆن و لۆرک و مەیلەودۆ
بەلاش بوون گەرچی ئی کوێستانی قەندیل و سەران بایە
بەڵام ئەورۆکە ماستی چەشنی جیقنەی لەگ لەگێ جامی
سەدوحەفتایە کووپەی ئاو و دۆی سەعدیش بە هەشتایە
کراسێکی ژنانەی کوری ئێستا نۆ هەزار دەبرێ
ئەگەر نەیشی کڕی دایکی مناڵان دەچتە حاشایە
لەحاندی نان و پێخۆرێکی زۆر سادە و سەهل ئەورۆ
حقووقی کارمەندی چارەڕەش وەک قاوتی بەربایە
چلۆن داری بە رۆحی داری جەنگەڵ دانەدا کەمرە
تەپاڵەی باوەحیز دانەی بە دەتمەن بێ لە بێڵایە
لەسەر دەریای نەوت خەوتووم و ئەمما بۆ سوخت سوختم
دەڵێی تینووی قەراخ ئاوی فوراتێم و دڵم نایە
حقووقێکی وەری دەگرم بەشی سێ بۆشکەیە و ناشکا
ئەگە بشکا چەتوون بەشکا نەجاتم بێ لە سەرمایە
لە بازاری سیادا ئەو دووکاڵایە بە سێلاون
کەچی عەمبارەکان خاڵین تەماشا ئەو موعەممایە
سەفینە و مووشەکی خەڵکی ئەگەر چوون بۆ کورەی مانگێ
سەفینەی پێ ژیانی ئێمە زوهرەیشی لەبن دایە
بە کۆپینیش چمان دەس ناکەوێ خوایە پەنابۆ تۆ
دەترسم دوای کەری جرجاڵ کەوین بۆ دەنکە خورمایە
حەقیقی بەسیە تۆخوا چیدی مەیرێسە سەرم دێشێ
وەکوو دەور و تەسەلسول وایە ئەم نەقڵەت بنەی نایە

حەقیقی کە لە شینی هەڵەبجەدا شیعری ماتەمینی گەیاندە حاستی شاکارەکانی شیعری کوردی، بەر لەم و لە دوایەش گەلێک گەرمەشینی بۆ دۆستان و خزمان و پیاوچاکانێ کە شانیان شیاوی شین بووە،گێراوە.

فەوتی مامۆستا "سەید کامیلی ئیمامی"، "خاڵەمین"، "هەژار"، "هێمن"، "سوارە" و گەلێک لە خزم و دۆستی دیکە، هەست و دەست و قەڵەمی مامۆستایان بەرەو شینگا راکێشاوە. لێرەدا شینی سوارەی سوارچاکی رێبازی شیعری نوێ، کە 23ساڵ لەمەوبەر کوتوویەتی بە وێنە دێنمەوە:

لەشکری غەم بە دەروونم وەر بوو
گڕی ئاگر لە دڵ و گیان بەربوو
مەرگی بێ وادەی تۆ مەحشەر بوو
ئیشی ئەو نێشە بەسەد خەنجەر بوو
چیمەنی تافی جوانیت شێن بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
لەغەمت رەنگی خەزەڵوەر زەردە
دڵی دەی ئاوە ئەگەر وەک بەردە
بە تەبیبانی بڵێن بێ پەردە
بۆچی دەرمان نەبوو بۆ ئەو دەردە
چێمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
لە دڵی باب و برا خەم بارە
لە هەموو شوێنەوە جێی تۆ دیارە
چیە ئەو شین و هەرا و هاوارە
کۆچی بێ وادەی "کاکە سوارە"
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
خوێنە فرمێسکم و چاو بێ نوورە
بۆیە داوێنی فەلەک وا سوورە
رۆژی روونم بەشەوی دەیجوورە
"سوارە" دیداری قیامەت دوورە
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
بووی لە ناو باغی گوڵان تاقە گوڵێ
چ گوڵێ سەد خەم و سەد دەرد و دڵێ
داخەکەم ئێستە حەقیقی چ بڵێ
چاو و دڵ چۆن نەگری چۆن نەکوڵێ
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو

***

لە باری کەسایەتی تاکەکەسییەوە، مامۆستا حەقیقی مرۆڤێکی یەکجار خوێن شیرین و سەحەت سووک، هێدی و هێمن، بەحورمەت، پاک و خاوێن، بۆشناغ و وردبین و نوکتە سەنج بوو. ئۆگری ماڵ و منداڵ و نەوە و نەتیجەکانی بوو.

دەرکی ماڵی هەمیشە بۆ میوانان لە سەر گازی پشتێ بوو. سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی هەتا ما هەر نوێژی کرد و هەتا توانی ڕۆژووی گرت و گەلێک هونراوەی بەرزی موناجاتی هۆنیوەتەوە و ئایات و ئەحادیسی بە بەڵگە هێناوەتەوە، وتشکە سوفتیەکی مرچ و مۆن و بەرماڵ بەشان نەبوو، بە پێچەوانە زۆر جوانپەرست و لێو بەبزە و خۆش زەوق و دێمۆکرات بوو. کەس لە خێزانی لە لایەن ئەوەوە وادار بە کارێک نەدەکرا کە پێی خۆش نەبوایە. لە هەموو کۆڕ ومەجلیسێک بایە بە نەقڵ و قسەخۆش دەیڕازاندەوە.

هەمیشە بە ڕوو خۆشییەوە یارمەتی ئەو شاعیرە لاوانەی دەکرد کە دەهاتنە لای و ڕێنوێنیان لێ دەخواست. مامۆستا بەوەخت و لە جێی خۆی قسەی دەکرد.بۆ وێنە لەو یەکدوو ساڵەی رابردوودا کە لە وڵات هەرچی ڕۆژە کەل وپەل گرانتر دەبوو، ڕۆژێک لە کوڕێکی گەورە دۆستێکی مامۆستا بە دەنگی بەرز دەڵێ حەقیقی گوێم زۆر گران بووە، مامۆستاش بێ یەک دوو دەفەرموێ، "جا فلان کەس چ شتێک گران نەبووە! با گوێی تۆش گران بێ." یەکجێ خەڵکەکە دەس دەکا بە پێکەنین. ئەمن لێرەدا بۆ حوسنی خیتام ئەو بەشە لە هەڵبەستێکی عاشقانەی مامۆستا دێنمەوە و لێکۆڵینەوەی‌زانستیانە وئاکادێمیک لەسەر ژیان و بەرهەمی مامۆستا حەقیقی دەسپێرمە دەست شارەزایانی ئەو بوارە:

جوانە گوڵ خونچەگوڵم وەک دەم و لێوی تۆ نا
بێ و هەناریش خڕوپڕ وەک مەمی سێوی تۆ نا
گەرچی زۆر شیرنە هەنگوینی شەمەترووکە، بەڵام
بە مەزەی نۆبەرە ماچێک و جنێوی تۆ نا
شۆرشی موتتەفیقین و گڕی فیتنەی نازیم
دیوە ئەمما بە بزەی فیتنە بزێوی تۆ نا
من بەزیوی هەڕەشە و ڵرەشەی دوو چاوی ڕەشم
لە هەڕوگیفی حەریفانی دزێوی تۆ نا
نەوەسانی هەیە بازاری تەڵا ئەمما وەک
دڵی من بۆ پەل و پووزی وەکوو زێوی تۆ نا
دەفتەری سەبتی ئەوین میهر و وەفاشی تێدا
ئۆگریم بەویە، بەڵام بێجگە لە نێوی تۆ نا
بۆ پەشێوی گوڵم ئەی ماوەی ژینم بە فیدات
بۆ "حەقیقی" نەژیان سەهلە پەشێوی تۆ نا



